# بەتاو پێکدا دەبارین

نیگار نادر



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# بەتاو پێکدا دەبارین

## شیعر

## نیگار نادر



ناوی کتێب: بەتاو پێکدا دەبارین – دیوان
شیعری: نیگار نادر
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٨٤
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: نیگار نادر + هەندرێن شێرزاد
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم ، هەولێر– ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٢٤)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

## هەڵەبجە



خەزانە ژنێک لە پڕ وەڕێزان دەکەوتم
دادەوەریمە سەر ئەو پیاوە لەبارانەی
نمە و ڕێژنە و تاوی دڵۆپەکانی وەمن دەچن

ئەو شەو تەواو وە شەڕ دەچووم
ڕەنگی خاکم و بەرەی خامۆشم و
زەردەی دەلێوانم
خۆڵم وە سەر هەموو عەشقەکان دەدا
بۆنی گلی پاش بارانێ و
شەرگەیەکی خامۆش... خامۆش
لە بەرۆکم هەڵدەستا
نەوەر ژنێکی شارەزووری
سۆمام پڕ دەبوون لە «سارین» و
شوێنەواری سەدان دێرینە جەنگ و خەتم
لە سەر هەڵدەکەندرا
خەناوکەی فیشەکانم دەئەستۆی
خۆ دەکرد و بە هەزاران قەوانە فیشەک
لە نێو ڕەحمم بەجێ دەما

ناوەنەوشەیەکی تەڕ
ئارپیێچیەک دەئامێزم دەگرێ
دۆشکەیەک دەستم دەئەستۆی وەردەیێنێ
کلاشینکۆفێک دەگەڵ خوێیم وەردەخا

بە هانکە هانک دەستم لە بەرۆکی خۆ دەگێڕا
دەمدیت بۆمبێک ئەرخەوانی هەڵگەڕاوە و



نەرم نەرم لێ دەدا
هەڵەبجە ژنێکی ڕەنگ لە خەزان
«شنروێ» و خونچەکانی
بۆن (سیاند) دەبن و
دەگەڵ کەڤیە ژنێکی قەڵادزێیدا
دەست بەڕێزان دەکات

بە ئەسپایی تێم هەڵڕوانە
ئێستێ شەڕ چەند بەمن دەچێ
بە ژنی و سەنگەری ساردی و
کەمینی دەدارماو و دەنگی گوللەکانی
جارێکی دی دەهاتم و تێتدا پەڵەم دەدا
شەڕ دێ و لەسەر نۆزدە فیشەک
لە خۆیم مارە دەکا
کەمەر بەندێک لە ڕۆمانە لە کەمەرم
دەبەستێ و هەناوم پڕ لە باڕووت دەکا

دەلێم بنۆڕە کەمین چەندە بەمن دەچێ
گەرمی و تەقینەوە و پەنهانیەکانی

بێژانێکی پاش بارانی
ڕەنگم هەڵدەهێنایەوە و نەرم
نەرم دەگەچلام
تاوم دەدا قەبەترین شیعار
لە بری کراس دەمپۆشی
بەرزترین ئاڵام دادەڕنی و
لە سەری خۆم وەردەپێچا

یا شەوبۆیانە وەبۆن دەکەوتم
کڵچیوکێکی پڕ لە باڕووت و
قەوانێکی پڕ لە سووراوم دەردەهێنا
لە بۆ ئەو پیاوە پڕ لە ڕێژنەیەی
دەچاوانمدا پەڵەی دەدا
بە پەرتاو دەستم لە سینەی خۆ دەگێڕا
دەمدیت دڵم تێدانەماوە و لێم کەوتووە
ئێستاش نەمزانی بەتاڵانیان بردووە
یا لە بۆ خۆم زایەم کردووە

شەونمەکانی سەرخۆم دەتەکاندن
وەبیرم دەهاتەوە
دڵم دا بۆ ئەو سەرکردەی دەگەڵ
میدالیا و یادگاری دیاریەکانی دەوڵەتان
لە مۆزەخانە بەجێی هێشتووە
یا دەگەڵ چەند کۆنە
دروشم و پارچە ئالا و
مشتەخاک مەزادی کردووە
نا وە بیرم دەهاتەوە
دەمدا دەست ئەو سەر سوپایەی
نەخشەی گەورەترین هێرش و پاشەکشەکانی
ژمارەی دیل و جبەخانەکانی تێدا
خەت دەکێشا
یا دەمدا دەست ئەو مەلا و خەتیب و ئیمامانەی
دەبەرگی قورئانەکانیان هەڵدەکێشا
پارچە پارچەی دوعا و نوشتە و گوللەبەندیان



لە سەر دەنووسی و لە نێو قەدی مەندیلەکانیان
حەشاریان دەدا
ڕێزانانە وە عەشق ڕێزان دەکەوتم
دڵم دەدا ئەو سەرۆک عەشیرەت و بەگ و خانانەی
دەسکی خەنجەر و زینی ئەسپ و
چەرمی کەوشەکانیان لێ بەڕادان دەدا
نا دڵم دەدا ئەو سیاسیانەی شەوان
شەڕابیان تیێدا دەنۆشی
ڕۆژان پڕیان دەکرد لە ئەسکەناس و
مەغریبان ئاوی تەنهایان تێدا هەڵدەڕشت
سپێدانیش نامەی سیخوڕانیان
تێدا تاقەت دەکرد
بە ڕێژنە لە خۆ دادەباریم
لە پڕ لە خوڕە خوڕی خۆمڕا
گوێم لە دەنگت دەبو و
دەهاتن... مۆمی سووریان... لە لێوەکانم
لە قولایی چاوم و... لە گوێچکە و... لە هەموو دەرگا و
پەنجەرەکانمیان دەدا
جارێکی دی دەستم لەسەر سینگم ڕۆدەنا...
هەستم دەکرد
لوغمێکی تەوقیتکراو بە چرکە چرک لێدەدا
ڕنوە ژنێکی قەندیل... شەختە... شەختە
ڕادەگوێزرێ
لەشی بە وشکانی دا دەگەڕا
ورد تێم هەڵڕوانە سەنگەر چەندە بەمن دەچێ...
بەردی هەڵچنراو خوێنی تێدا مەیی و... جێی نیشانەکانی

بارانم بەخۆ دەچواند... تەڕی و... ڕۆنی و
دەنگی دڵۆپەکانی
دواجار دڵم دەدا دەست ئەو نیشتمان و
پیاوە بێ سنوورانەی
سنووریان لێ دادەبڕی و
ژنەکانیان تێیدا زیندبەچاڵ دەکرد و
سەگەکانیان تێدا بەرهەڵا دەکرد...

# کوردستان



دەستت بێنە
دە پەنجەکانت هەڵڕوانم
داخوا کوێ زێدمە
چ عەشقێک پیرۆزە

سینگت بێنە
سەری وێکەم
داخوا ئەوە ترپەترپی دڵتە
یا نێڵەی ئاگری نەورۆزە

چاوان بێنە ڕۆچمە ناویان
پڕ لە ئاو و دونیا پانکەم
داخوا عەشق لەمندا
چەندە جوانە و
گەردوون بەهەموو
هەسارانیەوە لە باوەشتە


کۆشت بێنە بێمە ناوی
شەپۆلان بدەم
دەریا و ئۆقیانوسان
تێکەڵی یەکدی کەینەوە
هەموو دڵۆپەکانت
لە مندا هەڵڕێژە

توند ڕام گوشە
دەستت بەبەژنمدا بگێڕە



وابزانە کوردستانی گەورەت
بە بێ سنوور لە ئامێزە.

## ئەوین



وەک بێ نوایەکی بەناو شێت کراو
گەردەلوولێکی تۆزاوی خۆم لوول دەکەم
کون و قوژبنی هەموو کوچە و خیابانەکان دەگەڕێم
وەک لافاوە سەرشێتەکەی دوای تۆفان
چی دێتە سەر ڕێم ڕایدەدەم
من لەدایکبووی ساڵەکانی بێ خۆشەویستی
تۆش وجودی سەدەی بێ ماچ...
قورقوشم ئاسا بۆ تۆ دەتوێمەوە
سەفەری ون بوون...
میلی زیندان و...
مەرگی باڵندەکان... وڕیان کردم
لە کام کەونە بۆت بگەڕێم
بەدرێژایی تەمەنم
خۆشەویستیم بەخۆمەوە نەبینیوە...
بۆیە تەتەرئاسا بەشوێن باس...
بۆن و...
تامی یەک وشەی خۆشەویستی گەڕۆکێکم
بێ ناونیشان کوچە نەما نەیگەڕێم...
خیابان نەما خۆمی تێدا لوول نەکەم
بەرد نەما خۆمی پێدا نەکێشم...
گەڵاو پووش و دار نەما... ڕای نەدەم
هەر ناونیشانی تۆم لێ گوم دەکەن
کە بۆ ناونیشانی من گەڕای...
هەرڕۆ سۆراغی شێتخانە و سارتخانەکان بکە
کە بۆ من گەڕای لە ناو مرۆڤە زیندووەکان
چاو مەگێڕە




من لافاو و گەردەلوولی وا ڕایداوم...
مەگەر لە لێواری تەنکی دەریا...
یان زۆنگاوەکان وەدەست کەوم!
یا لە هەسارە خۆر پێنەگەیشتوەکاندا بمدۆزنەوە!

من ئەو شێتەم کە لە جەنگەڵی ئێرە ژیاوم...
نازانم خۆم بکەمە کام ماچ
تا خۆشەویستیت فێرکەمەوە
نازانم بچمە کام کەون
تا لە جەنگەڵەکان دوورت بخەمەوە

# سەگەکانی سیاسەت

١



واخاسە ئیدی ئێرەو بۆ بەجێ بێڵم... خۆم ڕەهاکەم
بەڵام لەبەر توتکە سەگەکانی بەر دەرگەتان...
لەبەر چەک بەشانەکانی نێو حەسارەکانتان...
لەبەر خەبەرنگاری سەربانەکانتان... لەبەر باجی...!!
وام گەرەکە لە دەست دنیای درۆیەکان... دراوی دزیەکان...
ڕوداوە دەسکردەکان ئێرەهێ بۆ بەجێ بهێڵێن!
با من لێرە برسی بم
گۆشتی بێوەژنان... شیری منداڵە ساوایەکانم پێ قوت نادرێ
ئەو نانانە بدەرە ماڵە نانکەرەکان...
ئێمە بەهەزاران نانی ئاوا تێر ناخۆین!
من کەنیشکە ماڵی یەکە... ڕاهاتووی سنوور...
تایبەت بەنێو جامە شووشە بەندەکان
هەمیشە ساز... بۆ ئیختیاری زاتە پوڵدار و مێبازەکان!
ناتوانم برۆم سنووورداشم لە ڕێیە!
لە خەندە بەزۆر دەربڕیوەکان...
خۆ ڕازاندنەوەی نێو ماشێنە شووشەڕەشەکان
یەک لەدووی یەک ڕادەبرن!
ئەو دراوە خودا داوەی...
هەندێکی دەرخواردی من و توتکە سەگەکان
ئەوی تریش... بۆ خانمە نێربازەکان...
بۆ ئاوەدانکردنەوەی ولاتەکەتان
پسوولە دەکەن!
نیگەران مەبە... من ئەڕۆم سەفەرێکی
ڕەهایی بەرەو ونبوونەکان
ئەمەوێت بێم بۆ ماڵە چوکەڵەکەی وە
ئەو ماڵەی لە سێ ژەم... ژەمێک خواردن



ئەو ماڵەی پڕ سەروە باڵا بەرزەکان...
پڕ دارکاژ و ئەوین و گوڵەسوورەکان
تا هەموو ڕۆژێ باڵای دارەکان ببڕینەوە...
لە کوورە ژەنگاویەکەماندا گریان دەین
دووژەمەی خواردنیش بکەینە... گوڵە سوورەکان
هەموو ڕۆژێک چەند جار خۆزگە دەخوازم...
بۆ سەگە چاو پڕ ئەوینەکەی بەر دەرگەتان
چەند ساڵێکە بوومە سەگە چاو چنۆک و
کلکە سوتکەری بەر کۆشکەکەیان
من برسیەتیم پێ خاسترە...
لە ماڵە پڕ خۆشەویستەکان
با لێرە من برسی بم نە فڕین لە کاسە و کەوڵەکانتان
نایخۆم قوتی منداڵە شەهید و ونبووەکان!
ئەو بێهێزە نیم کە فڕێتان داومە
نێو مەزاتخانەی پیر و گەنجەکان
ئەو ئامێرە ئارایشت کراوەش نیم
ئاڵتون لە باڵام وەرێنن
بۆ نێو پێخەفی شەوان!
وەخت زۆر گوزەرا...
کەلوپەلی نمایش لێرە وەدەرنێن!
پوڵە دزراوەکان، کالاتالانییەکان...
بەر نەوە بۆ خودی خۆتان!
لێرەدا بەسە... قەمچیەکانی دەستتان
زنجیری سەگەکانتان بکەنە ملی خۆتان و!
ئێرەن بۆ بەجێ بێڵن!
کابرای قەساب... ئارایشتگاو... مەی فرۆش و


پەرەخۆڵاویەکانی داد... بەجێ نەهێڵن
پێویستتان بە هیچی تر نییە...
ئەمەیە هەموو دامودەزگایەکانتان
گەیشتنە هەر دەڤەرێک... بوونە پیاوی هەر دەوڵەتێک
ماڵ هەیە... تالآنی بکەن... پوڵ زۆرە... دزی بکەن
خەڵک هەیە... برسی بکەن
بەس سەگە هارەکانی بەر ماڵتان بەرمەدەنە ئێمە!
بە خانمە نێربازەکانی دیوانی سیاسەت بڵێ...
با بەس بێت... بەس نانی منداڵە هەژارەکان...
قووتی ژنە شەهیدەکان...
لە کابرا لێپرسراو و کاربەدەستەکان نەستێنن!
ئیدی وا خاسە ئێرە و بۆ بەجێ بێڵین!
بە ئاغای سیاسەتمەدار و
نوێنەری گەل بێژە
خوێنی ئێمەیان لە مەیخانە کڕی...
کردیانە خۆراکی هەوادارانیان!
بەڵام پێی بێژە نامە قەپات نەکراوەکەم
بداتە دەست پۆستەچییە خانەنشینکراوەکە
داخوا کێهەن بووینە سەگەکانی سیاسەت!!
١٩٩٦/١/٢٣
شەقڵاوە

## سەراب...



باوەڕت بێت لەو ڕۆژەوەی تۆ ڕۆیشتوویت
تەنها جارێکیش تەماشای نەینۆکم نەکردووە...
چونکە کە سەیری خۆم دەکەم تۆم بیر دەکەوێتەوە
لەو ڕۆژەوەی تۆ ڕۆیشتوویت
گوزەر هەموو سەرابن...
بەرەو هەر مرۆڤێک
پێهەڵدێنم سەیر دەکەم سەرابە...
بۆ هەر ڕابردوویەک دەگەڕێمەوە سەرابە...
بڕیاری هەر داهاتوویەک دەدەم هەر سەرابە...
کاتێک ڕابردووەکانم گەیشتوون...
زۆر دەمێکە داهاتووەکان ڕۆیشتوون
ئاسۆی سوور ڕەنگی تۆی هەیە...
سازی مۆسیقاش دەنگی تۆی هەیە
مانگیش ڕووی تۆی هەیە
منت بە بێدەنگی ون کرد و... خۆشت بوویتە سەراب
ئەو مرۆڤە سەرابیە دێت و دەڕوات
ترسناکترین گەورەترین بڕیارم پێ دەدات...
پاکترین پاکانەم پێدەکات
ئێستاش کە گوێ بۆ دەنگی بولبولەکان دەگرم...
دەنگی تۆم بیر دەکەوێتەوە!!

بەتاو
پێکدا
دەبارین



کە دەهاتی ڕەنگی لیمۆ و تامی لیمۆیانم بۆ دەگرتی
لەو نیگارە نماویەدا نەختە... نەختە
پەپولە پایزەم لە دەستان دەکردی
باران باریبوو من باریبووم

تۆ باریبوی
هەموو شتێک باریبوو
لە هەموو شتێک خۆڕسکتر لەمندا
ڕەنگت لە هەر ژنێک... لە هەر پیاوێک
لە هەر گوڵێک بنیشێ دەیناسمەوە
لە سووڕانی خوێنم خۆڕسکتر
لە ترپەکانی دڵم
لە ڕەنگی گلێنەکانم خۆڕسکتر لەمندا

لە نیگاری ئەو نارینە ژنە چ کێشراوە
نیشتمانێک ژن ڕەنگی قەمچی و
تامی قەمچی و بۆنی قامچیان
لێ هەڵدەستی
ئێلێک پیاوی پڕ لە شوورە
کە شوورە لەنێو خوێن و... شوورە لە چاوان و
شوورە لەسەر لێوەکانیان دادەکوترێ
باران باریبوو تۆ پێمدا باریبووی
لە تاراوگەی ڕوح و...
لە تاراوگەی چاوانتدا
نەسیمانە بە نەشوەوە هەڵدەکەم
دەمێک نێو چاوەکانت شڵێوە دەکەم
دەمێک لەنێو گوڵە هەناری سەر لێوەکانت



خۆم سوور سوور دەکەم
تاوێک وەک شێ دەنیشمە سەر ڕوومەتەکانت
تاوێکیش تنۆک تنۆک
بەرەو بنانگوێت ڕێ دەکەم
باران باریبوو
من بە تۆ دا باریبووم
لە خۆم خۆڕسکتر لەمندا
کە دەهاتی بە ئاوەدانییت دادەگەڕاندم
سۆر سۆرت دادەگیرساندم
کەویستت بە نێومدا بێیەوە

ئۆقیانوسێک لەبەرکە
شیعرێکی ڕەشیشمم لە سەرت کە
ڕێژنەی بارانێ لە خۆ وەرپێچە و
دار زەیتونەکانیش لە ملت کە
کەویستت بە نێومدا بێیەوە
هەولێرێ بپۆشە تەیراوا لە سەرت نێ و
شەقلاوەی لە دەستەکانت هەڵکێشە
باران باریبوو هەرتک پێکدا باریبووین
باران دەباری و هەرتک خۆش خۆش
دەبارین دەبارین
کە هاتیەوە دڵۆپ دڵۆپ
دڵۆپەکانی بارانێم لە مل کە
کەراسێکی لەو... مژە... م لەبەرکە
تەرزانە پێمدا ببارە و
وەکی بارانێ بە تاو بە سەرمدا داکە.

# شـوورەیی دڵ




به قوربانی ئەو دڵە بچکۆلانەت بم
هەموو ڕۆژێک کە سەر دەخەمە سەر دڵت
گوێم لە ترپەترپ و لێدانی دڵت دەبێت
هەست بەو دڵۆپە خوێنانە دەکەم...
کە لەناو دڵتدا مەیون و
بەسەختی گۆڕان دەکەن

بەستێک دەڕوخێنم و لافاوی ئەشک بەرپا دەکەم
جاران کە بژوێڵکەکانم تێکەڵ بە
بژوێڵکەکانت دەکرد
شوورەی زیندانێکی ئەبەدی مەرگیان دروست دەکەن
تۆ لەدایکبووی دوای هەرەسی دین و مرۆڤەکانی
بۆیە کە دڵ دەخەمە نێو دڵت
زەوی و ئاسمان لەیەک ئاستدا بەدی دەکەم
ئێستاش کە ڕەشێنەی چاوەکانم
دەخەمە نێو مەندی چاوەکانت
دنیا ڕاستەقینەکان بەدی دەکەم!!

١٩٩٥/٩/٢٣

# ئارگۆن



ئەتۆ کوڕی کوچە تەنگ و قوڕاویەکانی نێوەندی شاری...
ئەمنیش کیژی خیابانە قیرتاو و
چراخان ڕێزەکانی سەرووی شارم
تۆ کوڕی پیرێژنە چاو پڕۆش و...
دەستقەڵشی و... دنیا دیدەکانی
گەورەبووی نێوکوختی ڕووخاو و...
جاڵجاڵۆکە تارنەخش کراوەکانی
چ خەمهێنەرە... خاراوی کار و... ڕەنج و نانی
چ ئاسایە فێربوی... دەستور دان و...
ڕوونیشتن و... خواردنم
نازدار گەورەبووی نێو تەلار و
ساختمانە ڕەنگکراوەکانم...
کچی دایکە چاوڕێژراو
... خانمە نینۆک بۆیە کراوەکانم
وەلی ئێستاکەش... پێت دەبێژم
ڕەسمیاتی زەمەن... ڕۆژگاری ئارایشتاوی
دراوی بەبێ بێکار... نەخشەی ئەندازیاران
لە نێوەندی من و تۆ... نییە
ئەو دۆڵۆپەی عەرەقانە
تەوێلی چڵکنی تۆ دەخوسێنن
نێوچاوانی ئارایشت و فریودەرم...
لە ژێرەوە دەخەجلێنن
ئەو ئاخانەی لەسینگتدا جێگیر بوونە
لە سینەمدا بە ڕێکەوت دێنە ژوورێ
تۆ کوڕی سەرما و بەفر و زریانی
من دانیشتووی بەرنێڵەی گورە سوورەکانم



ئێوە ڕەنگ و ئارگۆنیە
ئێمەش خۆر لێ نەدراوین
گەرمی دەستم وڕت نەکا
من هەر دۆتێیی ئاغا ژن و...
خاتوون و دایەنەکانم
ئەو دڵۆپە ئەشکانەی ماڵیان لە
چاوەکانت دا داناوە
چاوەکانم بە کرێش ناگرن
ئەو هیمۆگلۆبینانەی
لە نێو جەستەی تۆدا
خوێن نوێ دەکەن
تۆ کوریشگەی کرێکارێکی
ڕاست و کارکەر
ئازا و چاو نەترس و ڕەنجدەر
من کەنیلەی نێو دارێکم
حازر خۆرێکی بەر سێبەر
ترسنۆکەکی دروست کەر و فەرماندەر
ئێستاکەش پێت دەبێژم
نێوەندی من و تۆ
هیچی تێدا نییە
مەندی چاوم فریوت نەدا

١٩٩٥/٣/١٠

# تۆ وەخۆ گێڕان




باران دەباری و تۆ دەباریە
نێو چاوەکانم
باران دەباری و
تۆ دەباریە سەر لێوەکانم
باران دەباری و
بۆنی تۆ و ڕەنگی تۆ و تامی تۆ
تێکەڵم دەبوونەوە
تۆ دەباری و
لە چاوانم دەکێشای
لە لێوانم دەخشاندی
لە پرچەکانم هەڵدەسووی
تێکەڵت دەبوومەوە
دەباریم بە نمە نم
دەکەوتمە سەر لاجانگەکانت
تنۆک تنۆک
ڕێچکەم دەبەستە نێو سمێڵەکانت
هەر بە گەردەنتدا
شۆڕ دەبوومەوە
پەرش دەبوومە سەر سینگ و بەرملانت
بە تاو دادەکەم
یاخۆم وە تۆ دەگێڕم
یا تۆ وەخۆ دەگێڕم و
لە خۆدا سۆلینت دەکەم
بەرێژنە دادەکەی



گوروژم لە دوی گوروژم
دەتەوێ ڕامدەیە نێوخۆت
یاخۆ دە دڵۆپەکانمدا ون کەی

## شکۆفەنامەی نەورۆز



دەگەڵ کلۆک و شکۆفەی... دارەپیر و بێبەرەکان
هاتنەوەی پەڕەسێلکەکان پەیدادەبێ
وەک زلزلەی ولاتێ ڕاوەند و بێ کێوپارە...
لێم ون دەبێ
چۆن ئۆغری پەڕەندەکان...
کەڵەژ بۆبن نارنجەکان
لێرە هەرگیز پەیدانابێ
گەر بێیەوە...
بۆ نەورۆزی ئەم بەهارە...
لەو دەڤەرە زیندان و گڕداره
بۆبیستومی ئەم ئادارە
گەرەکمە ئاگر دەچاوەکانتدا بکەمەوە
تاجەگوڵینە لە نێرگزی زەرد و...
گوڵاڵەی سوورت بۆ بچنم
لە سەر سەرتی ڕیزکەمەوە
مەندی ڕووبار و کانیاوی بەرماڵانی ئەوسامان بێنمەوە
تا هەوێنی تۆی پێ بکەمەوە
بە مەزنی نەورۆزت دەبەخشم
گریان منداڵە شەهیدێکی و
داتدەگیرسێنمەوە
کێهە زوحاک بریسکەی سیوەلی لە چاوانت
تا بۆم نەدرەوشێنە!
وەرە بەنوێی خۆت بەدڵمدا بکەوە
با... لەسەرا خۆشم بووێیەوە
ئەگەر دووبارە نەبێ...
بەبێ کلۆک لە بەهارێ...




بە زلزلە لە ولاتی بێ کێو پارێ
بە بەفر لەئادارێ!
هێندەی نەورۆز خۆشەویستی...
لە نوێرا خۆشم دەوێیەوە
وەک خۆرەتاو نەورۆز نامەیەکی
ئاداریت بۆ دەخوێنمەوە
بە کراسی لە ڕەنگی خۆشەویستی
پێشوازیت دەکەمەوە.

٩٦/٣/١٠

# دونیام بەشـەهید ناوناوە

نامەی مندالە شەهیدێک



لە پاش تۆ
لە کانییەک دەکەم
چاوەکانی قوڕدادرابن و
کوێربووبنەوە
بە گۆڕێکی بەکۆمەڵ دەچم
بەتەنێ
چەند ئێسقان و چەنگە موویەک و
سڕ و سیپاڵی داڕزاوم تێدا بەجێ ماون
سەرم لێ هەڵدەدەنەوە!!

لەوێ ڕۆژێوە
هەڵەبجەم
ژاراوم لە بەر دەڕوا و
ژیان تێمدا خامۆشە و
هەموو برینم کولاونەتەوە

بە سەری تۆ
قەلادزێم...
دەگەڵ عەردی تەخت بووم
وێران وێران
هیچم بە پێوە نەماوە...
درەختم وشک بوون و
خۆڵم لەسەر نە ڕەویوەتەوە!!!

قەلاتەکەی هەولێرێم
هەر چوار دەورەم
لافیتەی ڕەشیان پێدا داکوتراوە و
نە کیژێک بەخەندەوە پێمدا تێپەڕیوە



نە کۆترێک بەسەرمدا فڕیوە
نە جێژنانە و
نە ئامێزم لە کەس وەراندوە و
چاویشم
لە هیچ هیچ نەبڕیوە

بە پەنجەکانت کاکە
لە پڕ ڕاو تێکرا بوومە
دایکی شەهید و ژنە شەهید و
خوشکەشەهید و کچەشەهید و
چاو لە ڕێمە
هەر چاوەڕێی ماچی جێژنە و
گەردن ئازایی و
ئامێزی گەرمی تۆمە...

لە پاش تۆ
بە هەتیوخانەیەکی بەرین دەچم
بێ ناز... بێ هیوا... بێ کەس
سارد سارد
هەتیوەکانی هەموو
کوردستانی تێدا بەجێ مابێ

ئەو جارەشیان
بە سەری تۆ
دەزانی گەورەترین سوێندمە
بە منارە و شەقام و کالیپتۆز و
قەلاتی
لە پاش بەجێماوی تۆ

به هەولێری جەرگ سووتاو
به فیدراڵی به هەتیو بەجێ ماو
له پاش تۆ
منیش شەهید بوومە...
به بێ کفن هەتیو هەتیو
له سەر کۆشی کوردستان شیوەنمە...
نه بەکوردستانێ ژێر دەبمەوە
نه بەخاک و ئاڵای
فرمێسکم وشک دەبنەوە

به گیانی تۆ لەوێ ڕۆژێوە
له وارێک دەکەم
ئاوەدانی ڕاگواسترابێ
بنارێکی ڕووتەڵەم
دارستانێ سووتێنرابێ

کوێرەڕێیەکم
تا هەم دونیای لێ بزر کرابێ

به کوردستانت
به هەتیوبوونی خۆم و فیدراڵی و
هەولێر و قەڵاتێ...
ئاوەدانیم تێدا نەماوە!!
هەموو جێژنەکانی دونیا ڕەش دەبینم و
دونیام به شەهید ناوناوە!

به چاوی تۆ بابە...
هەولێر جوانترین یادگاری تۆیە




قەڵاجەژنانەی هەموو جەژنان تو
نەورۆز ماچی پیرۆزبایی و
فیدراڵیش گەورەترین میراتی تۆیە
له نێو دڵمدا هەڵیان دەگرم
تا دێم باوەشت تێوەردێنم و
به بۆن و ڕەنگیان
نێو گۆڕی گەورەت دادەگرم

به دڵی گەرمی تۆ بابۆ
به خوێنی پڕ له شۆڕش و
چاوانی پڕ کوردی تۆ
هەولێرێ بەجێ ناهێڵم و
له باوەشی دەگرم وەکی
خۆشەویستە گەورەکەی تۆ

به قامشلۆ و مەهاباد و ئامەدی
نێو دڵی تۆ
لەوێ ڕۆژێوە
کۆڕەوێکم
دونیام دەگەڵ خۆ ڕاداوە
نه دەبینم بۆ کوێ دەچم
نه دەزانم بۆ کوێ ملم ناوە...

هەموو جەژنان کوردستانت
بۆ دەکردمە جەژنانە
ئەوجار ئەمن به کوردستانێ
دەبێژم...
هانێ (بابم) بەجەژنانە...

## ژن ڕێزان




ئەرێ لێ ئەڤە دیسان گەڵا ڕێزانە
ئەڤە دیسان گەڵاڕێزانی ژنە کوردانە
ژن ڕێزانە ژن ڕێزانە
ڕەوتێن ڕەوتینێ
ژنە بارزانیانە
هەڵوەرینی سەروە ژنانی گەرمیانە

چ دیت بێژمێ
ئەڤە چاو هەڵکۆڵێنی هەڵەبجەیانە
خاپوور خاپوور بوونی قەڵادزەیانە
گڕتێبەربوونی ژنە ئەنفالانە......؟
چ دیت بێژمێ
ئەڤە خۆڵ وەسەردانی
چاوە ڕەشەکانی گەرمیانە

جارێکی دی تێم هەڵڕوانە
بزانە لە باوەشتدا
سرکە ژنێکی گەرمیانە
یا هەڵەبجە ژنێکی پڕ لە خەزانە
یا تەواوی کوردستانە
سوێندتان دەدەم بە کەراسی ڕەشتان
بە بۆن کروزی جەرگی سوتاوتان
هەتا هەن
بێژن... یا کوردستان یا نەمان

# فەراری پەرستۆ



چەند جار کڕنوشم برد بۆ سەر قاچەکانت...
سەرم بۆدانەواندی
چەند جار هاتم نەبووی...!!
تەمەنێک بوو ژیانم لێ ون ببوو...
لە چاوەکانی تۆدا دۆزیمەوە
وەک پەرستویەکی فەراری
لانەی هەمیشەیم لەدڵی تۆدا دروست کردووە
لەو قەفەسە میل ڕەشەدا زۆر بێزاری!
تۆ پەرەندەی دیلی دەستی مرۆڤی...
من مرۆڤم و دیلی زیندانی مرۆڤم
ڕۆژی چەند جار خۆت دەکێشی بەو میلانەدا
ئەی کۆترە سپیەکە دەڵێ بڕیاری فەرارت داوە
من ڕێبازی ژیانم لەبیر چۆ بۆوە...
تۆ فێری چۆن ژیانت کردمەوە
من و تۆ لێک دابڕاین!
بۆیە پەرستۆکان فڕینیان بیر چۆتەوە
ئەم فەرارەت دوا فەرارە هەرگیز ناتبینمەوە!
نازانم چی بکەم تا تەنیایەکانم بیر بەرێتەوە...
کێ بکەمە خوا... تا ئەم عیبادەتەی تۆم بیر چێتەوە...
١٩٩٥/٣/٧ سلێمانی

غەزەلە
خۆڵەمێشەکانی
منداڵیم



سووره ئاتەشێكی خامۆش خامۆشم و
تۆش مۆریە ستوداره بێ گڕەكان
بە جێت دەهێڵم
هەرچەند بە خەمەكانت
فرەخاس و ئاسودە و مەست دەبووم
ئۆه حەمەكەم
نوری هەرتک چاوەكەم
پاكەتەكەت سێ چوار
سیگاری تەنهای تێداماون
دە ئەم شەوی ڕەهای منیان
پێ بگوزەرێنە
ئەو دەمانەی خەم داتدەگرێ و
هەر سەرێكیشم بۆ هەڵنابڕی
لە هەموو كاتەكانی دونیا گوزەرانم
خۆشتردەوێیی
كوڕە حەمەكەم هێڤیا دڵەكەم
تۆم لەبۆیە خۆشویست هەروەمزانی
كۆشم پڕدەكەی لە سێوە سووره
جوانەكان و
تێر یاریم دەگەڵ دەكەی
یا لە پشت دیواره بڵند وهەڵچنراوەكان
چاوشارکێنێ و قژە درێژەكانم ڕادەكێشی و
كاكۆڵانم قرژ دەكەی
لە مروانیش مروە كەسک و
سۆر و بریقەدارەكانی دڵم
لە چنگتدا توند قایم دەكەی



مشت پڕ لەبەرد ڕاوڕاوێن و
سەراسەی كولانەكانی دونیام
پێ دەكەی
نا هەروەمزانی بەڕۆژانەی خۆت
شەكرۆكەم بۆ دەكڕی و
لێوەكانم بەمەصاصە سۆردەكەی
یا ڕۆژەهای ڕۆژە دەمبەیتە
سەر ئەم تەپە بڵندە و
كۆلارەیەكم لە پەڕە ڕەنگاوڕەنگەكانی
ڕوحت بۆ ساز دەكەی


بە تاڵی مویەكم گرێی تێدەدەیت و
بۆ بەرزترین بەرزاییەكانی هەڵدەدەی

بە چ بەردووئەستێک داگیرسێنەوە
سارد سارد بووینەوە
تۆ هەر بوویە دوا پریشكی ئەو ئاگره

منیش مۆریە دامركاوەكان
ئۆه حەمەكەم عەزیزی دڵەكەم
ئیدی چۆن كوڵم لە كوڵمەت خشێنمەوە
تا هەین ڕەژویەک بێن
خۆش خۆش بایسێن و شەواره بدەینەوە...

١٩٩٦

## یەکەم دیدەنی



یەکتر ناسینمان لە ئارامگایەک
لە دەڤەرێکی بێ ناونیشان
یەکەم دیدەنیمان لە بەندیخانەیەکی تاریکدا.
لە نێو کۆمەڵێک دڵشکاو دابوو
چاوەکانمان خوێناوی بوون...
ماچی پەپولەکان خەماوی بوون
لەو ڕۆژەوە ئەوەی دیتم...
هەربەندانی بوو
لە یەکەم ساتی دیدەنیدا بۆنی خوێن گێژی کردم

ئۆردیانەکان ڕێگەی دیتنی توویان لێ گرتم
پاش مەرگی تو من قژەکانم دەڕنمەوە و
ئەوانیش بوقی شادی لێ دەدەن
پێکی سەرمەستی زرینگە لێوە دێن
باران دایکردوە و... زولکاوی ڕۆژگار داوەستاوە

سەرنجەکانت ئالودەی خەمن...
بۆیە لە کەوتنە بەریان فەرامۆش دەبم
چ ڕۆژێک بێت لە ژێر ئەم ئاسمانە سوورەدا
ئەشکی شادی بەسەر پێیەکاندا بڕژێم و...
بێ ئەو بۆنەوە... دوور لەو جێگە تۆ بببینمەوە

# گەواڵە ژنێک
# گورژە دەکات



هەلووژەیەکی نە گەییبو بوم: عاشقانە زەرد زەرد دەبووم
سوور سوور دەبووم: ڕەش هەڵدەگەڕام
هێشوە ترێیەکی پاش باڕێزانی... بۆڵ و بۆڵووم
تامیان تێدەگەڕا و...
بە نێو پەڕ بە پەڕی مێژووی خۆ دەکەوتم
لە چەند قەفەزی بەجێماو و... پارچە بلووری دڕاو و
سەراوی تۆقیو نەبێت چی دیم نەدەدیتەوە
خاتونێکی سۆتلی... تازە وەگوڵ کردنێ کەوتووم
گەواڵە هەوری بەرۆکم وەتاریکی دەگەڕێن و
تاوێکی دی دادەکەم.
ئەو پایزە پیاوەی
لەسەر ڕووی هەر خانەیەکی لەشت
نەخشەی ژنێک کێشراوە
بەرینترین نەخشەم... کەدەشت و چیا و
دەریا و خاکەکانی تۆم پێکهێناوە
کە هاتیەوە کۆترانە نە دەڕۆیشتی
کۆترانە نەتدەگەماند
کۆترانە لە تەنهاییم وەژوور نەکەوتی
زانیم...
لە بن دەواری هەر ژنێک هەڵکورمێیی
هەر دێیەوە
لە نێو دەریای هەر ژنێک سۆلین بی
هەر دێیەوە
هەورە ژنێکی سۆتلی...
لە نێوسینگی هەر پیاوێکدا تاڤگەیەکی بەخوڕم
لە سەر پێڵووەکانی نەرمییەکی مەحاڵ



لە نێو توێی لێوەکانیشدا تەزوویەکی
گەرم گەرم...
هەنارێکی شەرەبانێ... قۆخێکی لێرە واڕان
بە کولفە و کونێک... ئاو لە بن توێژ و
دەنێو دنکەکانم دەگەڕا
تۆم هەڵ دەکرد...
بە چرا... بە ئاڵا
تەڕیت دەنێو دڵۆپە دڵۆپەی
بارانەکانم دەگەڕا
هەورە ژنێکی وەسەهەند گەڕاو...
پەڕ پەڕ فەرهەنگی پیاوەتیتم هەڵدەدایەوە
هەموو وشەکانت مانای منیان دەدا و
هەموو ماناکانیشت دەگەڕانەوە سەرمن

# ئاور



تاوم دەدا چەرخەکەت
جغارەکەت و پەنجەکانم و
دونیام وێکڕا ئاور دەدا

تاوم دەدا قەڵەمەکەت
ڕەشێنەی چاوەکانت و بژۆلکەکانم و
کەونم وەسەر شیعر دەگێڕا
تاوم دەدا دەسبیحەکەت
دڵۆپ دڵۆپی بارانەکانت و
دەک دەنکی فرمێسکەکانم و
هەموو قەدەرم لە گەردنمدا
گرێ دەدا
تاوم دەدا کاتژمێرەکەت...
چرکە چرکەی منداڵیەتی و
ترپەکانی دڵم و سوڕانی زەویم
وێکڕا لە مەچەکمدا با دەدا

تاوم دەدا دەسەسڕەکەت...
شێی هەناسەکانت و گەردەکانی خۆم
تێکڕا ئالاّیەکانی هەموو دونیام
لەسەرت هەڵدەدا

تاوم دەدا نەخشەکەت...
سنوور و خاکەکانم تێکەڵ دەکردنەوە و
خەت خەتی هەموو ژنانی دونیام
لەسەرت دەکێشا...

٢٠٠١

گوڵەکانی تۆم
پڕی کۆشـم
دەکردن



ئەو ڕۆژەی چاوە ئاگراویەکانت
سێرەیان لە چاوم گرت
چاوڕاست بووی
گڕت
بەردایە نێوی چاوم
زەردە پەڕی ئێوارێ بوو
کۆشێک گوڵی یاست هەڵڕشتەکۆشم
بە پەرتاوی خۆم ڕاپسکاند و
مشتێک پڕ جۆرە ماچم پێدای
وڕکم لێ دەگرتی
ئەستێرەکانم بۆ بێنیە خوارێ و
پیاسەیەکی سەرمانگم پێ بکەی

کە دەهاتی مشتێک دانت بۆ کۆترەکانی
ڕوحم هەڵدەهاویشت
لە ژیبیەکانی پرچم
ئاوازێکت ساز دەکرد
سپێدە بوو شیلەی هەنگت خستە دەمم و
کۆشێک شیلکم پێدای
وڕکم لێ دەگرتی
قاچەکانم لە خۆڵ دەگەوزاندن
تا خانوچکەیەکم لە سەر خۆر
بۆ دروست بکەی
ڕۆژان بمهێنیە خوارێ و
شەوان لەوێ لە خەوم خەی
لە سەر ڕێگات هەموو جارێ



زەمبیلەک مۆسیقا و
لیمۆی ترشت بۆ دەهێنام
چ تامداربوون ئەو دیدەنیانە
چەند ئاودار بوون
ئەو مۆسیقا لیمۆیانە

گوڵاڵن بوو ئەو شەوەی هاتی و
مشتێک فەرخە بولبولت
هەڵڕشتە نێو کۆشم
خەناوکەیەک لە ئەستێرەت
کردە ملم
سەبەتەیەک دونیات بۆ هێنام و
دەسکیت کردە دەستم
ئەمشەو مانگیش کراسە سپیەکەی
خەوی لێ زەوت کردووم
باڵایەک تەنهایی لە ئامێزی گرتووم
خەزەڵ وەربوو
تەمەن سەبەتە دونیای تۆی لێ بردم
نە لەبیرمە چیم بۆ گوتیت
نە لەبیرمە چیم لەگەڵ کردی
بووی بە ئاوێنەیەکی شکاو
خۆم تێدا بەدی کردی.

١٩٩٦/٥/٤

# زەوی



ژنێک جارێک بە دەوری خۆدا دەسوورێ
شەوێکی کپ کپ دادەکا
ئاسمانێکی پڕ ئەستێرە
لە خۆ وەردەپێچی...
ساڵی جارێک بە دەوری خۆدا دەسوورێ
گۆڕان دەهەیڤ و کەژەکاندا دەکا...
ژنێک ئاوەڵا ئاوەڵایە
گەردوونی دەخۆیدا هەڵگرتووە
هەموو هەسارەکانی... وەجووڵە دەخا...

ساڵی جارێک بە دەوری خۆدا دەسوورێ و
سەدان ڕۆژی جوان بەڕێ دەکا...
زەردە پەڕە ژنێک سۆر سۆر دادەگەڕێ
بە عەشقەوە ڕۆژەکان ئاوا دەکا...
بێوەژنێکی تریسکە لێ براوی گەرمیان
مەغریبان جریوەی ئەستێرەکانیشی
ڕەنگیان لێ دەبڕێ.

گەردوونە ژنێک نیوە شەوان دادەگیرسێ
هەزارەها هەسارەی ژن
وەعەشق دەخا... وە جووڵە دەخا
سینگیان لەرە تێدەخا.

## وێران



هاوار هاوار
گوێ لە هاواران ڕادێرە...
هاواری وێران بوونێ یە...
هاواری ڕاگوێزانێ یە
هاواری ئاسۆسە ژنانە
وێران... وێران... بۆنی وێران بوونن لێ دێ
تۆزی خاپوور بوونن لێ هەڵدەستێ...
هەموو دەمێ ڕەوەند و... مەشخەڵی ئەیلولمان لێ بڵند دەبێ...
ئەوە دەنگی من نییە...
گرموهوڕی ناپاڵمانە نایناسنەوە...
ئەوە ڕەنگی من نییە...
خاک و خۆڵی دارمانێ یە نایناسنەوە...
لە ڕەنوەکانی مامەندە سەختتر...
منداڵێکی قەڵادزێیە
هەموو گیانی پەرت پەرتە و
لێوەکانی هەموو دەمێ باڕووتیان پێوەیە...
خەڵکی ئەو شارەم هەمووشتێکی شۆڕشە و
هاوشاریەکانم هەموو گیانیان شۆڕشە و...
شۆڕشتان وەبیر بێتەوە...
دەپەرتەوازەی چاوانم ڕامێنە... عومرێکە
ڕوح ڕێزانە... دڵ ڕێزانە... شۆڕش ڕێزانە
نیشتیمانم ئەو شارەیە... یەکەم زەنگی ئازادی
لێوەڕا دەست پێدەکا... ڕاپەڕینتان وەبیر بێتەوە
جارێکی دی لە خۆ ون بووم
نازانم ئەنفالم... یا ژەهر لێ دراوم... یا ڕاگوێزراوم
ئەوە کیژۆڵەیەکی قەڵادزێیە... دەستەکانی



پڕ لە دوکەڵن و... چاوەکانی هەموو دەمێ خۆڵیان پێوەیە...
دەهەستە لە چاوانی پڕ لە ئازادیم ڕامێنە
ئەوە کێیە دەیەوێ خانە خانەم خاپوور بکا
لە ئاسکەکانی قەندیل سرکتر
کورپژگەیەکی قەڵادزێیە
چاوەکانی پڕ لە کسپەن و لێوەکانی باڕووتیان پێوەیە...
ڕمان... ڕمان خرم و هوڕی داڕووخانن لێوە دێ...
بێ زێد و بێ نیشتیمان...
هێلانەمان لێ تێکدەدرێ
نەخشەکانی شار و نەخشەکانی منیان پێکەوە شێواند
گەرای خاپوور بوونیان... لەنێو دار و... لەنێو گوڵ و
لەنێو ڕوحی منداو تروکاند.
٢٠٠٠ - هەولێر

# ناز



ئەی مندالّە بێ نازەکە
تۆ غەدر لای لایەی بۆ کردووی
تاوان بێشکەکەتی ڕاژندووە
شکست لە ئامێزی گرتووی
گریە نەوا بووە
لە گوێچکەت دا
بە دۆڕان زمانت پژاوە
تەنیایی دەست لە ملانی کردووی
ئەو دلّۆپە ئەشکانەی لە چاوەکانت هاتوونە خوارێ
دەیانناسمەوە
ئەو سۆزەی چاوەکانتی جێ هێشتووە
دەیناسمەوە
نازت بۆ لە کێهە وەنەوشەو
نێرگز بستێنم
دلّ لە کێهە پەرندەو
زمان لە کێهە کەناری
تا نەوازشی تۆی بێ نازی پێ بکەم
ڕنگ لە کامە گولاّلّە سوورە بڕفێنم
تا کولّمەکانی تۆی پێ نەخش کەم
لە کوێستانی کام ولاّتە
سوێسنە و هەلاّلّەکان بپچڕێنم
تا تاجی خۆش بەختی
لەسەر مووە بریقەدارەکانت ڕێزکەم


## جغاره



ئێواران وەکو کێنتەکەی
سەر لێوت
خۆش خۆش دەتکێشام
هێواش... هێواش
قوتت دەدامە نێو سیەکانت
گەرم... گەرم
پەرشت دەکردمە نێو دڵ و هەناوانت
شین... شین
لە کونەکانی کەپوت ڕا
بەرەهایی بەهەواتدا دەدام

٢٠٠٠

# شـەرمە ڕەشـەکان




وەک گوڵە هێرۆیەکان تەمەن کورت بووم!
هەر پەپولەیەک لە سەرم هەڵدەنیشێت و...
هەنگێک شیلەی لێ هەڵدەمژیم و
جارێک بۆنیان پێوە کردم
لێت تێر خۆشەویستی نەبووم!
نە برایەوە تکە تکەی ئەرەقەی
ئەو شەرمەی لەبەر تۆ دەرمدەدا...!
نەوێرام تێر بچمە چاوانتەوە
هیوام وا بوو گەورە گەورە بم...
تابێم لە تەنیشتت دانیشم و...
تۆش لە ئامێزم گری
کەرەمی ماچێکم پێ بکەی!
لە خەونمدا دەمدی چی زێڕ و بەرگی
جوانی بازاڕە ڕەشەکان هەیە...
بۆ منی دەکڕی و
دەستەکانم بە ئاشکرا لە نێو دەستت دەگری...
ئەو ڕۆژانە گازت دەکردم...
بۆ بن دارچنار و دەوەنەکان
تا باسی دونیا بە خەیاڵ
بە سەر یەک نەراوی خۆتم بۆ بکەی...
لە کولفەوکونێکدا ڕاموسی و...
گوڵێک لە یەخەم بدەی!
کە شووم بوون ئەو ڕۆژانەی
لە ترسی دایم ڕەنگی هەڵدەبزڕکا و...
لە بەر تفەنگ و خەنجەری ئەوسای
بابم ڕادەچڵەکیم!



چونکە زەمەنێک بوو
بە بەر گوێیان هەڵاویشتبووم...
خۆشەویستی گەلەک تاوانە!
لێت تێر خۆشەویستی نەبووم!
نەوێرام تێر بچمە دڵتەوە!
ئێمە وافێرکراوین بە دزیەوە یەکترمان خۆشبووێت...
بە ئاشکراش قینمان لێک بێتەوە!
بەدزیەوە لە بن چڵ و دەوەنەکان...
یان لە ماڵە هاوڕێ نهێنییەکان
ژوانان بکەین و
لکە ڕەشەکان بە ڕومانەوەن
وەلی زەمەن داپپۆشیون
نەوێرام تێر بچمە چاوانتەوە...
بۆ تەنها جارێک هەست بە گەرمی لەشت بکەم
ئای لەترپە ترپەی دڵم...
کە ئێواران بە بەر دەرگا ڕادەبووی و
دەتنۆڕیمێ ئەمیش کێهە بەرگ
جوانە دەمپۆشی
تا لە پشت دەرگا ئاسنە بڵندەکان...
لەسیلەوە بەشەرمەوە بزەیەکم پێ دەبەخشی
کەنیشکە شەرموێنەکەی نێو چوار دیوار...
گەرەکم بوو زۆر خەپەتۆڵە بم
تا پیاوە چاو بەشقاڵەکان
جارێ لەباڵام هەڵڕوانن و
پەسەندمکەن بۆ خۆیان
حەزم دەکرد زۆر باڵا بگرم...

هێندەی دایم لێبێ
تا زوو سەودا سەرێکم پێ بکەن و
بمبەنە کابانی ماڵە گەورەکان!
چ شەرم بوو ئەو ڕۆژانەی بەدزیەوە حەزم لێت بوو...
بە شەرمەوە بوومە ژنت
لە نێو ژوورە تاریکەکاندا...
لە ژێر بەردە ئەستوورەکاندا
لە بەر دەستی پیرێژنە مامانەکاندا...
دەترەکیم
چ شەرمن بووم ئەو ڕۆژانە
چەندە خۆشم دەهات لەو ڕۆژانەی تەتەر
هەواڵی تۆی بۆ دەهێنام
خێرا دەچوومە بانی ماچێکت بۆ فڕێ دەدام
سەرم لەبەرخۆ دەنا و سوور هەڵدەگەڕام!
هێندەمان سەفەر کرد بۆ سەر ئەستێرەکان!
زێدە جوان بووم ئەو ساڵانە...
ماسیە سوورەکانی ڕووحمت ڕاوکرد
لە بیابانی خۆدا خنکاندتن!
سووریەکانی کوڵمەت هەڵمژیم و...
لە دڵتدا ڕەشت کردن.
لکە ڕەشەکان بە ڕوومانەوەن...
وەلی زەمەن هەنوکە دایپۆشین!
ئێستێ شەرم شکاوە...
تکەتکە ئەشک لەبەر تۆ لەشم تەڕ دەکا!
زێدە خۆشەویست
چاوەکانت بۆ کوێ دەنۆڕن!!!

# کوێربوونەوە



ژنێک مسقاڵ مسقاڵ
خۆ دەفرۆشێ
بە پەککەوتەیەک... بە کوێرێک
بە گولێک... بە شێتێک
ناوی لێ دەنێ (هاوسەرێتی)

لە پشت سەری پیاوێکەوە
لە دونیا دەنۆڕی و
پارچە پارچەی خۆی
هەڕاج دەکا
بە سیاسییەک... بە چەتەیەک
بە ڕاپۆرت نووسێک... بە بازرگانێک
ناوی لێ دەنێ (ئەڤین)
لە نێوچاوی پیاوێک ڕا
لە ژیان هەڵدەڕوانی و
ئەندام بە ئەندامی
داوێتە مەزادی
دەلالێک... سەر سوپایەک
سەرۆک حزبێک... ڕۆشنبیرێک و
ناوی دەنێ [ماف]
لە نێو موچورکەکانی پیاو ڕا
تەزوو تەزووی خۆی
بە بارمتە دەداتە
مەلایەک... شێخێک
ئیمامێک...
دەیبێژێتێ (پاکیزەیی)



ژنەک خاڵ بە خاڵی
لەشی ئاوەڵا دەکات
درز بە درزی بە بادادەدا و
لێی دەنووسێ [ئازادی]


لە گوێچکەکانی پیاوێک ڕا
نرکەکانی دنیا دەبیستی و
یەک لەدوویەک
دڵ چاو و ڕوحی
زیندە بەچاڵ دەکا و
ناوی لێدەنێ (عەشق)

هەر لە نێوسیەکانی پیاو ڕا
هەناسە هەڵدەکێشێ و
دەشەڕ بەشەڕی دا

ئاگر بەست ڕادەگەیەنێ و
ناوزەدی دەکا بە[ئاشتی]
دوا ژن
خانە خانەی لەشی و
گەرد گەردی شەرەفی خۆ
دەدۆڕێنێ و
ناوی لێ دەنێ (ژیان)
چاو بە چاوەی
وشک دەبن و
دان نانێ بە کوێربونەوە

٢٠٠٤

# لە بارانێم
# دەوێیەوە



شەرعیترین کوڕی نێو باوەشم
لە گەرمی خوێنم و
گوڵە بێژانێک بووی
حەڵاڵترین منداڵم
لە وەجاخەکانی تۆ
شەوان ژنی پیرترین شیر و
ڕۆژانەش مەعشووقی سەگمەڕەسێک
ئێواران دۆستی شلکە شیلانان و
سپێدانی ماکۆتری کۆترێک بووم
ژنەکان خەیمەکانی باوکایەتیان هەڵدەدڕاند
چەترەکانی مێردایەتیان فڕێ دەدا و
دیوارەکانی برایەتیان دەڕووخاند
خۆیان بە بادەدا
تۆی باب و... تۆی مێرد و تۆی دایک و
تۆی برا و
تۆی پیاویش عاشقی من دەبووی
چاوت پڕبوون لەو نێرگزانەی
بەژنیان وە بەژنی من دەچوو
لێوت پڕبوون لەو هەنارانەی
سینگیان وەسینگی من و
لێویان وەکی لێوی من تەڕبوون
چ ئولفەتێک بوو عیشقت
تۆی شەوان باب و بەیانیان دایک و
نیوەڕانان نیشتیمان و بەرە بەری هێواران مێرد و



مەغریبیان هەموو کەس و کارەکانی من بووی

ئێوارە ڕەزو باخەکانی سینەم دەشواتەوە و
تەرزەش هەنار و سێوەکانی دەخا
شیعریش لە تۆ شێت تر کەمەرم ڕادەگوشی و
بۆنم پێوە دەکا
ئەز هەرشەوەی لەزەت دەگەڵ شێرێک و
جووت بوون دەگەڵ پڵینگێک و
سگێن دەگەڵ سەگێک و
تێک ئالان دەگورگێک و
وەرکەوتن دەگەڵ پشیلەیەک بووم
حەرامترین ژن لەژنەکانی تۆ و
ڕوونترین ئاو لە ڕووحت بووم
ئەو ژن بوونە چ موسیبەتێک بوو
ئەو گەورەبوونەش چ ئافاتێکی تێمدا ساز کرد
ژنێکی شێت
دەستەکانی خۆی ماچ دەکردن و
لە نێوان شانەکانیدا دەگریا
پیاوێکی لە گوڵیش
بۆنی هەموو بوونی بە شەپۆلەکانییەوە دەنا

منی شەوان خاک و سبحەینان باب و
نیوەڕۆیان کەنیە چوکەلەکەی تۆ و
عەسران پیرە دایی و
بەرەبەری تاوکەوتنان شەرعیترین
ژنی تۆ بووم

ئولفەتم بەو عەشقە و بە بارانی وەگرتووە
هەر ئەو تەڕ تەڕم دەکا و
ئەویش شێت شێت
شیعراویترین ژنی نێو چاوی تۆ و
کەساسترین ژنی زەند
بە زنجیری داوێنیان بووم
لەبارانێم دەوێیەوە
شیعراویترین پیاوی نێو ئەڵقەی زوڵفە لولەکانم
لە بارانیت بووم


بەوێ ڕوحە ڕەبەنەیەوە شەوانە
دەگەڵ کەلاکی ماینێک نا کەلاکی ژنێک
کەلاکی وڵاغێک تێک دەئاڵای و
ئەزیش نیوە شەوان
قازاخ قازاخ
دەگەڵم دەسگێن تا
گورگ و پشیلە و شێر و
هەموو سەگە سنۆتەکانی دونیام لێ دەکەوتنەوە
سپێدان تێم دەئاڵان تا نان و خۆم و شیر و
پارچە پارچەی جگەریشم دەدانێ

ئولفەتم بە خوێنیشتەوە گرتووە
تەماشاکە لە نێو لەپی دەستەکانمدا چ دەکا
ئەوە چ سیحرێکە کە هەر دەمەی پیاوێک
لەسەر ڕووحم لەسەر مێشکم
لەسەر لەشم ئیماراتێک بۆخۆی دیاری دەکا



ئەوە چ عەشقێکە
یەک بە باب و یەک دایک و
یەک بە هەموو کەس و کارەکانیم ناو دەبا و
یەک بە گەورەترین نیشتیمانی خۆیم دەکا
١٩٩٦/٦/١٠

# پایزنامه



غوربەتە تفتەکەی ژێر دار قەزوانەکان
ئەوێندەرێ بوو
لە لای یەکتری شیرین کردین
لە نێو یەکتریدا شێتی کردین
کاژستانە چرکەی زاوێتەی ڕوحت بوو
پشتی پێوەپشتی یەک داین و
لە یەکتری قەدەغە کردین

بگریە دەی تێر بگریە
بۆ بفرۆشتنم بەتەڵای فرۆشتنم و مەزادی ڕۆحم بگریە
تەپەتەپی ئەو دڵە کوتی نەعلەتیە
گوێچکەی کپ دەکردم
نەمدەوێرا بەسەر سڵاوێکیش
لە هەرەمت کەوم
نەفەس تەنگی ئەو لەئاقار کەوتنانەی
مەستیان دەکردم
نەمدەوێرا
بۆساتێکیش دەست لە دەستت خەم
کەونە پڕ ئەستێرە و ڕەوشنەکانم
زەردترین زەردی نێو پایزەکانم
دەبێت دوور کەومەوە دوور زۆر زۆر دوور
لە چاوە ڕەشە هێور کەرەوەکانت
دەیانەوێ لە قوڵایی دڵم دەرت هێنم
لە بێشەڵانی ڕووحمدا هەڵتفرێنن
لێ عەزیزەکەم
دەیانەوێ لە گەردەکانی نەفەسمدا



پەلبەستوتتکەن وەتوێنن
دەڕەشینەی چاوانمدا
فووت پێداکەن وەتکوژێنن
ئەما ئەتۆ
چرۆ بە چرۆی تەواوی ئومێدەکانم بە گوڵ کە
دڵۆپ بە دڵۆپی ئەشکەکانم نۆش کە
وادەبێ لەوێندەرێش
دوورناکەومەوە ناگۆڕێم کەمێک
ڕۆژ بە ڕۆژ
ڕۆژنامەکانی ڕۆژ ماچ دەکەم
وشە وشەی شیعرەکانت بۆن پێوە دەکەم

١٩٩٧

# سەگەکانی سیاسەت

**٢**



دەگەڵ ڕەوە سەگەکانی کەوتم و
بە قەراغ شاری دەخاومۆش و گوندی داسوتاو

بە نێو ڕووحی شارنشینەکاندا گوزەرم کرد
پێکۆڵی جۆرەها جەنگ زمانم دەرکێشا
کلک لەسەرپشت دەستم بە وەڕین کرد
سەگەڵە گەڕەکان ئیسقانە کوروسراوەکانی
دەستی قەسابە زۆڵەکان دەمی توتکە ساواکان
پڕی دادەکەن
تا دڵی دۆست و دیلەبێ عارەکانی پێ ڕای کەن
بنۆڕن لەسەر هەمان خیابان هەمان کورسی
کۆشکەکان
جار چییە ڕیش درێژەکە پەڕ پەڕ
یاسای نوێ لە هەڵا دەدا یاسا
دەرکەوانی ئەو باغی وەحشەشمان
چەکدارێکی کەمانچە لەشانە
خۆراک دزە پەرپوتەکان یاسا بێژە درۆزنەکان
لە بۆ دابەشکردنی پەلکە نانێک بۆ دەستمان

لەو حەرە مسەرا خامۆشتان
من و سەگە برسیەکان پاسەوانە خەسیوەکان
ئیشکەچین لە ڕووح و عەورەتان
سەگە خانە دانەکان

سەگی بەردەرگا و حەساری بەرینی
ماڵە ماقوڵەکان جوانتر دەخۆن و دەخەون
لەمن و لە تۆی نێو کۆختەکان



نبەڕێن بنەڕێن
سامناکترین زەمین لەرزە بخولقێنن
خانە خانەی کۆلیتەکانی ڕوحمان داڕوخێنن

گەردەلوولی هەڵی کردوو
شۆڕشیان پێ ئەسپاردن
بارزگانە نەفت نۆشەکە
پێکێکی دی دەنۆشێ و
شۆڕشمان کۆتایی دێ.

## نەوای خۆشەویستی



ڕۆژگارێک بوو... خۆشترین زەنگ بووم لە گوێچکەتدا
بە سۆزترین دەنگ بووم لە قورگتدا...
جوانترین ڕەنگ بووم لە سیماتدا
وەلێ ئێستا ڕۆژگارێکە...
کام دەنگ دزێوە لەسەر ڕووی ئەم زەمینە......
بۆتە نەوای من ڕاتدەچڵەکێنێ
کام سروود سروودی جەنگ و مەرگە...
سۆزی وشەکانی دەمتە و دەتاسێنێ...
کام ڕەنگ ڕەنگی مردوو و درۆزنانە...
ئەو ڕەنگەم کە سیمای تۆ دەنوێنێ!
جاران کە گوێم بۆ قوڵاغ دەکردی...
نەمدەزانی باسی گەردەلوولی مەرگ و...
داستانی هەرەس دەکەی...
وام دەزانی
چی ڕاستە...
چی پاکە...
چی ئەویناویە... لە دەمی تۆ دێتە دەرێ!
کە وەکو باران دەباریم بە سەردا...
وێڵی دەستی زریان بووم
کە وەکو لافاو بۆ هەر شوێنێک لەگەڵ خۆما دەم بردی...
گیرۆدەی بەفر و ئاو بووم
کە وەکو درۆزن قسەت بۆ دەکردم...
دیلی دەستی درۆزانێک بووی!
ئەزانی باسی کام ڕەنگ و کام دەنگ
و کام زەنگ و کام جەنگت بۆ دەکەم...
ڕەنگی درۆزن و... دەنگی تەنیایی و... زەنگی جودایی و



جەنگی فەرارت بۆ دەکەم...
ئەو وشانەی جاران بۆ بەدەم هاتنیان... گیانت دەدا...
ئێستێ هەراسانت دەکەن...
ئەو جێ ژوانانەی جاران
بە زیارەتگای پیرۆزت ناودەبردن
ئێستێ بە پاشماوەی جەنگێ سەیریان دەکەی...
ئەو دەنگانەی خۆشترین نەوا بوون لە مێشکتدا...
ئۆجیان دەدا
ئێستێ دەنگی دڕندەی جەنگەڵن و...
تووشی دڵە ڕاوکێت دەکا...

٢٤/٥/١٩٩٥ سلێمانی

# عەشق وەسەرگەڕان



تاڤگە ژنێکی سپی سپی لەخۆ هەڵدەڕێژم
خۆشمدەوێ و
دڵۆپ دڵۆپ لە خۆ دەتکێم
نە پەڵەیەک... نە بروسکەیەک... نە پرۆشەیەک
وەسەر عەشق دەگەڕێم

چاوت پڕن لەڕەنگی ژن
بە بریسک بریسکی من
دێن و دەچن

سەرت بە دڵمەوە بنێ
تا گوێت لە ترپە ترپی
هەموو کیژەکانی دونیا بێ

کلوەژنێکی سپی سپی لە خۆدادەبارم
خۆشمدەوێ و
بە با سریشکە سریشک هەڵدەکەم
نە کرێوەیەک دەکەم نە زریانێک دەنێمەوە
دە تۆدا خۆم ون دەکەم

دەنێو هەموو ژنێنیەتیەی خۆ دەگەڕێم
خۆشمدەوێی و
نە شوێنەوارێکم لەسەرە نە ناڵیەکم لێوەدێ
نە کلێپەیەک نە کسپەیەک نە فرمێسکێک
لە تەڕی دڵۆپەکانم ڕا
دونیا وەسەر عیشقت دەگێڕم



لێوت پڕن لە ڕەنگی ژن
ئاڵ ئاڵ دەزولەکانت
تژین لە سووری من

دڵۆپە ژنێکی ڕوون ڕوون
لە خۆشەویستیانت هاژەم دی
ئەوەی نمە بێ نایکەم
ئەوەی تنۆک بێت لەبەری ناڕوا
نە ڕێژنە و نە ڕەهێڵە و نە پەڵەیەک دەدەم و
وەسەر عەشق دەگەڕێم

وەرە سەربەسینگم کە
تا گوێت لە هاژە هاژی
هەموو ژنانی دونیابێ

تەزووە ژنێکی گەرم گەرم
وەنێو هەموو ژنێنیەتی خۆم دەکەوتم
ئەوەی پشکۆ بێ تێمدا نەدایسا
خۆشمدەویستی و

بە تاریکی چ شەوقم نەدەدا
نە نێڵەیەک نە شەرایەک نە سوتوویەک
تەزوو تەزووی گیانی هەموو ژنانم
لە خۆڕا
وەسەرعەشق دەگێڕا...


٢٠٠٣

# كۆتره ژن




ژن ئەو کۆترە جوانکیلانەن
هەموو دەمێ دەگمینن
تا لە ئاسمانی پیاودا بفڕن
ماندوونابن
بە هێوری لە سەر گەڵاو دار و
گوێ سوانەی پیاو هەڵدەنیشن
ئێواران درەنگانێ پەنجەکانت دەهێنان و
کەمانچەکەی پشت ملمت لێدەدا
شێتییەکانمت هەموو سڕ دەکردن
لەسەر کەمەرم نۆتەکانت دابەش دەکردن
کەمانچەی هەموو دەمێ
سەرم لە بنانگی گوێی دەنای
پەنجەکانت لەسەر تیغارەی پشتم
هەڵدەنان و ڕۆدەنان
کۆترەکانمت... لەخەو دەخستن...

## دایک



ڕۆنیشە ڕێک بەرامبەرم
تا خاس
چەناگەم وەچۆکت دەم
سەرت بگرمە نێو لەپی دەستم و
گەرمترین ماچت بکەم
وەبیرت دێ...
خۆت هەڵدەبواردە گەردوونم
تا ماچ لەبابت کەی
شۆڕدەبوویەوە سەرسینگم
تا دایکت لە ئامێز کەی
دادەخزایە نێو قەدم
تا ئەژدادەکانت ون نەکەی
کە ئەو شیعرەم نووسی
لە ناو چاوانم ماچێکت کرد
قاقایەکم کێشا
سەد ماچی دیت لە ڕووحم کرد
باسکت لەباسکانم دەوەراندم
تادونیا لەمندا دەست پێ بکەی

# داوەرین



ئەتۆ ڕۆیشتی
کەس پێی نە وتم ئەورۆ
بژۆڵکەکانت ڕێک ڕاوەستاون
چاوت پڕن لە ئاو... سپی هەڵگەڕاوی
دەڵێی ئاسۆی بەیانیانی

ئەتۆ ڕۆیشتی
کەس نەبوو پێم بڵێ
لێوت چەندە تەڕن... پرچەکانت چەندە نەرم
دەستەکانت چەندە گەرم
ئەورۆ سۆر هەڵگەڕاوی
بە ڕۆژئاوابوونی هەولێرێ دەچێ
چەندە جوانی
ئەتۆ ڕۆیشتی و
کەس پێی نەگووتم
کازیوەی قەڵادزێ... کت و مت تۆی
بەفری قەندیل...
مامەندەش وەک بەژنت هەڵچووە
بەو ڕوونییەوە
هێندەی دی جوانی
کەس نەبوو... ئیدی پێم بڵێ
بەیانیت باش دونیای من
جوانی دونیات بۆ لە خۆ دا خڕ کردۆتەوە
هەموو کەس و کارەکانی من...
کەس نەبوو پێم بڵێ
شۆڕەبییەکانی شەقڵاوەی وەک تۆ



شل و ملن
لە بری تۆ لە سەفینی ڕادەمێنم
ئێوارەکانی شەقڵاوەی من
ئەتۆ ڕۆیشتی و
نەورۆز هات
نە کەس ڕۆچووە نێو چاوەکانم
نە کەس بە ماچان هەڵێئایساندم
تەقە پشکۆیەک... نەکەوتە نێو دڵ و
چاوو... هەناوی من
ئەتۆ ڕۆیشتی و
کەس نەیبێژتمێ با ئەورۆ لە بۆ من بی
نا ئەو کاتژمێرەش
توخوا مەچۆ دەرێ
ئەی هەورە پەپولە و... خوا و ئەستێرەکانی من
ئەتۆ ڕۆیشتی و
جەژن هات...
نە کەس تژی کرد لێوەکانم
بە ماچان جێژنانەی دامێ و
وەی گوتمێ
پیرۆزت بێ جەژنی من
ئەتۆ ڕۆشتی و
وەریم وەریم
لە گوڵ کردنێ کەوتم
وەری هەموو ژیانی من

# کەوتن



له عیشق کەوتووم... له شیعر کەوتوم...
تەنها له تۆ ناکەوم

له جوانی کەوتووم... له تەمەن کەوتووم
هەتا هەم... له نەشوەت ناکەوم

له کەسکی کەوتووم... له گوڵ کردنێ کەوتووم
هەتا هەتایە له گوڵەکانی تۆ ناکەوم

له هەڵاتنێ کەوتووم... له ئاوا بوونێ هەروا
بەڵام تا دونیا ماوە گیانە
لەگەرمی و له سۆریت ناکەوم
له خۆم کەوم له تۆ ناکەوم

# ژنە پەڕ تاوسییەکان



پەڕ و باڵە نەرمەکان لێتخشان و
ئاتەش ئاسا سەرسامیان کردی
کە لەتەکت دانیشتم بۆنی ئاگر و
تامی قەیسیت لێدەهات
ئێوارە بەهەدەرچووەکانی دڵداری و
سەرتاتکیی چنارە بەژن زراڤەکانی مەیل و
دەستەملانی پیرە سەروەرەکانی ئەڤین
کۆبکەوە و ناویان لێ بنێ عەشق
چ جنونێک بوو مەجنونی پێ جنون کردم

ئەڤین گوڵە سینگەیەکی پەپولەیی
برۆنزی لە بەرۆکم دەدا
عەشق تۆقەڵەیەکی کریستاڵی قشتیلە
لە پەرچەمم هەڵدەچەقاند
حەز ڕشتە ملوانکەیەکی دەنک سپی
لە گەردەنم دەئالآند
دەترووسکان و پێچیان دەدا
تۆ قوتوولەیەکی پڕموت و مۆرو
بوراقی من بوی
خۆمم پێ دەنەخشاندی و دەڕازاندی
پاشان بەوەرسی دەستم تێت وەردەدا
شەو لە قەراغی قەزووین لاجانگی ڕەشی
لەبنانگوێت دەخشاند
نسێی گومانی بەسەر هەرمێییەکانتدا پەرت دەکرد
لە زنجەکانی پیاوەتیدا مڕ دەبویت
دەدبێژت عەزیزم خۆشترین خەوتە



کەشتیوانێکی مێرمنداڵ ماسیە سوورەکانی لێو و
دۆلفینە لوسەکانی کوڵمەی لەتۆ ڕا هەڵدەپازنی
سەوڵی پیاوەتی لە ڕووحتدا قم دەکرد
دۆشداماوانە وڕدەمای لەو جەسووریە
سپێدە سەرسپییەکان لەسەرڕا دەیانلێستەوە
کەسیفترین شەونمیان بەسەردا هەڵدەچۆڕاند
بە تەلآ دەیانبریقاندی بە گوڵ دەیانشوبهاندی
لەیلایانە قاقای دەکێشا
لە حیکمەتەکانی ژیان
تۆ بازنە شووشەی و ڕەنگاڵەکانی مەچەکم بووی
بە لەباری دەمزیزگاندی... دەمخولاندی
لە دارستانەکاندا بە سپینداڕەکانی ڕوحتەوە
جۆلانێت بۆ دادەخستم دەتوت دیلانێ بکە
فەرقی بەهەشت و جەهەنەم نییە
پیاوە سەهۆڵییەکان لە دەستمدا توانەوە
لە هەڵمەکان بوونە باران و لێم بارین
زێڕکفتەکان لە بەلەکمدا سپی بوونەوە

بە تەنها تۆ دەست سامە ڕەستۆت
بە سەر کەلێنە هەڵزڕاوەکانی
منداڵی و گەنجیەتی و ژنیەتیمدا هێنە
بە عاتیفە و گەمە خۆشەکان بلێ
وامان دەزانی عەشق بوون

دەریاکانم لە
عوریاندا
تێکەڵ دەبن



عەشق لە پرچەکانمان دەباری و
نەماندەزانی عاشق ببین
تیرەیەک ماکەوی لێوئاڵ
پورە ژنی سینگ بەرین
ماکوتری پەڕ بەپێ
لێرە نیشتنەوە و عەشقی
قەرەجە کەفەڵ زیوینەکە و
عوریانێک دەستی پێکرد
سەر بە عێلی ئەو ژنە پەپولەیانەم
دۆستایەتی قایمیان دەگەڵ
گولان دەبەست و
لە سیحرەکانی وشک بوون
چیان نەدەزانی
دەچمەوە سەر پشتی هەنگە سوورەکانی
ترێ دەپەرستن و
لە جادوەکانی هەڵوەرین خافڵن
ژنە لەش میناییەکان
لە باریکایی کەمەرمدا
گولان دەچنن و
لە بڵندایی گەردەنم شیلان و
لە قۆرتی چەناگەم شلێر و
لە تیغارەی پشتمدا ئاوریشمت
بۆ لەخۆ دەئاڵێنن
ئەو پیاوەی بەژنت لە دەریا شینتر
شین هەموو دەمێ تەڕ تەڕ
شەپۆلەکانت لە باسکەکانم



نەرمترن گەرمترن
بۆنی کاژوو تامی بەفرت لێ دێ و
پەنجەکانت پڕن لە خوێنی من
هەر بەعشقت نەزانی
بە ماچی ئەو ئاسکە ژنانەی
لە داری گوێز داتاشراون
ڕوحیان لە بایە و
بەژنیان پەمۆیە غەرا دەبووی
تامت لە ڕووحی ماسیەکانی
بالآیان لە حەیزەران و
بازوویان سێوی سوور بوونە دەکرد
ئەی ئەو عوریانەی
دڵی قەرەج و لەشی قەرەجی و
ڕووحی قەرەجیمت
بە کۆڵی خۆت دادا و بردت
قەرەجێکی ئەسمەر عێلێک ژنی سینەم
تێریان بۆدەڕنی
قیبلەیەک چاو باشقاڵ
لەسەر پشتم بۆت پێدەکەنین
لەبەر ملی ڕێواسی و
تەنکاییەکانی لێوم سەرتۆێی
ئاوت دەمژی... هەر بە شێتت نەزانی
زستان بەپەنجە سپییەکانی
هێندەی ڕاگوشین
عەشق سرِی نەکردین
بۆنی بە پرچەکانەوە دەکردین

عەشق هەر مەستی نەکردین
خۆر لە تۆدا هەڵات... باران
با... من... گوڵەکان
ئاسمان لە تۆدا شین هەڵگەڕا
هەموو دەریاکانم لە تۆدا ڕاوەستان
عەشق هەر شێتی نەکردی و
کۆترە غەریبەکانی سینگت دەگمێنن و
ها کۆترە قشتیلەکانی بن پرچیان
لە قەزوانە و مەچەکیان هەنجیری شیلەدارە
ئاوی لێوەکانت دەخۆنەوە و
بۆن بە بێژانی نێو سمێڵەکانتەوە دەکەن
ئەی ئەو عوریانە شەکەتەی
لە چاوەکانم مەندتری
نێوان شانەکانت دارستانی سەروون و
ڕوومەتەکانت پڕن لە گەرمی من
بەر چەناگەت وەنەوشەستانە و
گۆشتی زمانت لە جەرگی من
عەرعەریەکی داوێن تۆزاوی
ئەو عوریانە ڕووت بووم
عەشق نە مەستی کردین
نە سڕی کردین... نەشێتی کردین.

# پێڕست


هەڵەبجە ..... 5
کوردستان ..... 13
ئەوین ..... 17
سەگەکانی سیاسەت ١ ..... 21
سەراب ..... 27
بەتاو پێکدا دەبارین ..... 31
شووورەیی دڵ ..... 35
ئارگۆن ..... 39
تۆ وەخۆ گێڕان ..... 43
شکۆفەنامەی نەورۆز ..... 47
دونیام بەشەهید ناوناوە ..... 51
ژن ڕێزان ..... 57
فەراری پەرستۆ ..... 61
غەزەلە خۆڵەمێشەکانی منداڵیم ..... 65
یەکەم دیدەنی ..... 69
گەواڵە ژنێک گورژە دەکات ..... 73
ئاور ..... 77
گوڵەکانی تۆم پڕی کۆشم دەکردن ..... 81
زەوی ..... 85
وێران ..... 89
ناز ..... 93
جغارە ..... 97
شەرمە ڕەشەکان ..... 101
کوێربوونەوە ..... 107
لە بارانێم دەوێیەوە ..... 111
پایزنامە ..... 117





سەگەکانی سیاسەت ٢ ..... 121
نەوای خۆشەویستی ..... 125
عەشق وەسەرگەڕان ..... 129
کۆترە ژن ..... 133
دایک ..... 137
داوەرین ..... 141
کەوتن ..... 145
ژنە پەڕ تاوسییەکان ..... 149
دەریاکانم لە عوریاندا تێکەڵ دەبن ..... 153